# بە کامپیۆتەرەکەت فاکس بنێرە



حامید درروودی
hamiddurudi@zkurd.org
زانستپەروەرانی کورد

بە یارمەتی پرۆگرامی Snappy fax 2000 دەتوانی زۆر بە هاسانی لە هەر پرۆگرامێکەوە بتهەوێ لە کامپیۆتەرەکەتەوە فاکس بنێری. سەرەرای ئەوە کە ئێمە لە دەورانی پۆستی ئلکترونیکی دا دەژین، بەلام هێندێک جار فاکس هەر بەکار دێنین، یان هێندێک جاریش وەک پێویست وایە. ئەوەی کە تۆ پێویستت پێیە بۆ ئەوەی بە کامپیۆتەرەکەت فاکس بنێری،مودێمێک و پرۆگرامێکی فاکسە. ئەو پرۆگرامە کە پێویستت پێیەتی ناوی Snappy fax 2000 ە و دەتوانی لەم ناونیشانەوە http://download.com وەریگری.

بێجگە لەوەی دەتوانی لە پرۆگرامی دلخوازەوە فاکس بنێری، دەتوانی راستەوخۆ لە سکانرەکەتەوە فاکس بکەی یان سکانرەکەت بکەی بە ماشین کوپی. لە بنەوە دەبینی کە چەندە بە هاسانی دەتوانی فاکس بنێری.

**قۆناخی ١:** کاتێک پرۆگرامی Snappy faxیت لە ئینتەرنێتەوە دابەزاند، دەبێ دایبمەزرێنێ واتا Installی بکەی و پاشان لە فایلە سەرەکیەکاندا کرتە لەسەر Settings بکە و لێرەدا چەند شوێنی زانیاری و پارامیتری مۆدێمەکەت هەیە کە دەبێ پڕیان بکەیەوە.

**قۆناخی ٢:** لێرەدا لاپەرەی ئامادەکراو هەن بۆ ئەو ەی بۆ فاکسەکەت بەکاریان بێنی،بەلام بە ئینگلیزین. تۆش دەتوانی زۆر بە هاسانی لاپەرە بۆ خۆت ساز بکەی و بۆ ئەم کارەش دەبێ کرت لەسەر Settings/Cover Page Designer بکەی. دەتوانی نووسراوە و شتەکانی دیکەت کە بەتەمای فاکسیان بکەی،تۆزێک لە لێوارەی لای چەپی لاپەرەکە دوور بکەیەوە، چونکە لاپەرەکان لە قەوارەی ئامریکایی و لە شێوەی Letterformat دان و تۆزێکی لە لاپەرەی A4 گەورەترن.

**قۆناخی ٣:** ئەگەر بتەوێ فاکس بکەی،دەبێ Snappy fax ئاکتیف بێ، پاشان نووسراوەکەت لە پرۆگرامێکی وەک ڤۆرد دا هەر وەک نووسراوەیەکی ئاسایی دەنووسی و کە تەواوت کرد، دوکۆمەنتەکەت پاشەکەوت بکە و ئەمجار لە فایلەکانی سەرەوەدا Arkiv هەڵدەبژێری و چاپکردن (پرینت) لێدەدەی.

**قۆناخی ٤:** لە نێوی لیستەی چاپگەرەکەتدا Print to fax یان APF fax printer هەڵدەبژێری (دیارە ئەگەر پرۆگرامی ڤیندۆزی ٢٠٠٠ یان ڤیندۆزی ئن تی هەبێ) و پاشان کرت لەسەر Ok دەکەی.

**قۆناخی ٥:** دوای ئەم کارانەی قۆناخی ٤، چوارچێوەیەکت بۆ دەکرێتەوە کە دەبێ بڕیار هەڵبژاردنی جۆری فاکسەکەت بدەی. دیارە بێجگە لە جۆری فاکس دەتوانی وەرگری فاکس و شێوەی لاپەرەش دیاری بکەی. هەروەها دەتوانی ئەو فاکسانەی کە بۆت دێن یان بەرێیان دەکەی لە شوێنیکی تایبەتی Adressbok دا بیانپارێزی. بێجگە لەمانەش دەتوانی لە پرۆگرامی Out look دا چاو لە فاکسەکانت بکەی. ئێستا دەتوانی فاکسێک بە یەکجار بەرێ بکەین بۆ یەک کۆمەڵ خەڵک، کە پێشتر فاکسیان بۆ ناردووی [لە بەشی Recipient Details دا ناونیشانەکانیان دیاری دەکەی] و پاشان کرت لە سەر Ok دەکەین.

**قۆناخی ٦:** لێرەدا Snappy fax زەنگ بۆ یەک بە یەکی وەرگرەکانی فاکسەکە لێ دەدا و فاکسەکەیان بۆ بەرێ دەکا. ئەو فاکسانەی کە دینێری لە شوێنی تایبەتیدا رادەگیرێن، کە دواتر دەتوانی چاویان لێ بکەی و هەر کاتێکیش پێت خۆشبێ چەند جار بتەوێ دەتوانی فاکسیان بکەیەوە. Snappy fax پرۆگرامێکە کە زۆربەرێکوپێکی بێجگە لەوەی کە دەتوانی فاکسی پێ بنێری،زۆر کاری دیکەشی پێ بکەی. ئەگەر بتەوێ زۆر بە باشی ئەم پرۆگرامە بەکار بهێنی،دەبێ ئەو چەند لاپەرە زانیاریەی کە لەگەڵیەتی بیخوێنیەوە.

سەرچاوە: PC hemma ژمارە ٨.